# که من موسەیەر بم و مەخەیەر نەبم، بۆ دەبێ تاوانبار بم؟



چوارشەممە 12.10.2016

دەرسیم

لە ئیسلامدا بەگوێرەی قورئان و ئایینەکەیان، هیچ مرۆڤێک موخەیەر نییە و بەڵکو تێکرا موسەیەرن.

موخەیەر، واتە مرۆڤەکان بەبێ ناچارکردن و بەئارەزووی خۆیان ڕێگای ژیانی خۆیان هەڵدەبژێرن و بریار لەسەر چۆنێتیی ژیان و ڕەفتاری خۆیان دەدەن، کە چی بکەن و چی نەکەن. بەلاّم موسەیەر پێچەوانەی موخەیەرە، واتە مرۆڤەکان خۆیان بەهیچ شێوەیەک هیچ شتێک بەخۆیان بۆ خۆیان هەڵناباژێرن و بریار لەسەر ژیان، چارەنووسی خۆیان و چۆنێتیی ژیانیان نادەن، بەڵکو ئەوە خوداکەی محەمەدی عەبدوڵلای هاشمی-یە کە شتەکان بۆ مرۆڤەکان هەڵدەبژێرێ، بریار لە چارەنووسیان دەدات و هەموو شتێک بەزۆر بەسەریاندا دەسەپێنێ بەبێ ئەوەی خۆیان ئارەزووی بکەن! نەک تەنیا ئەوە، بەڵکو هەر بەلایەک تووشیان بێ، ئەوە خوایە بەسەریان دێنێ نەوەک خۆیان هۆکار بن!

یەکێک لە خۆشەویستترین مرۆڤەکانی نزیکم بەناوی (شاژن)، کە لەسەر باوەڕو بۆچوونەکانم هەمیشە منی بە کافر ناودەبرد، هەروەها هەرگیز و بۆ تەنیا جارێکیش ئامادە نەبوو لەسەر جیاوازی بیرکردنەوەو باوەڕمان بە ئایین گوێم لێبگرێ و بۆی ڕوونبکەمەوە کە مادام موسەیەر بم و موخەیەر نەبم، هیچ تاوانێکم نییە! بەدرێژایی ماوەی سێ ساڵ، ڕێگەی نەدام پێی بڵێم، مادام خواکەت بە بریاری خۆیی و بەبێ ئارەزووی خۆم کردوومی بە بێباوەڕ و بەقسەی تۆ (کافر)، بۆ دەبێ گلەییم لێبکرێ و بە تۆمەتبار ناوببرێم؟

سەرەڕای ئەوەی کە (شاژن)، هەرگیز قورئانی نەخوێندبووەوە، خۆ ئەگەر بشیخوێندایەوە عەرەبییەکەی هی ئەوە نەبوو بەجوانی تێی بگات، هەروەها نوێژی نەدەکرد و ڕۆژووشی نەدەگرت، کەچی ئامادەنەبوو گوێ لە بۆچوونەکانم بگرێت، یان هۆکاری باوەڕ نەبوونم بە هیچ ئایین و خوایەک بۆ ئەو ڕوونبکەمەوە، کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی قورئان و سەدان سەرچاوەی ترەوە گەییشتوومەتە ئەو باوەڕەی کە بێباوەڕی ئایینی بۆ خۆم هەڵبژێرم!

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دوورکەوتنەوەی (شاژن) لێم و بەیەک نەگەیشتنمان، هۆکاری ئایینی و بێباوەڕیم بوو، بەچەشنی (لیدیا)، کە ئەویش تاکە هۆکاری دوورکەوتنەوەی لێم ئیسلام و بێباوەڕیم بوو! کە هەردووکیانم زۆر خۆشدەویست، بەلاّم (شاژن) زیاترو تا ڕادەی پەرستن، خۆ ئەگەر بیگوتایە (من خوام)، باوەڕم پێی دەهێنا، نوێژم بۆی دەکرد، ڕۆژووم بۆی دەگرت و حەج و تەوافم بەچوار دەوری بەژن و بالا بەرزەکەی دا دەکرد!

هەر بۆیە، ئەم نووسینەم دەکەمە دیاری بۆ (شاژن) و هەموو (شاژن)ە کوردەکان کە جیاوازی بیروباوەڕو ئایین پەسەند ناکەن و لە ترسی ئایین، ئاگری دۆزەخ و سزاکانی نێو قورئان، دەستبەرداری خۆشەویستەکانیان دەبن و خۆیان هەڵدەگرن بۆ خۆشییەکانی بەهەشتێکی خەیالاوی کە محەمەدی قورەیشی بە ئەقڵی خورافیاتی (١٤٣٧) ساڵی بەر لە ئێستای خۆی دروستی کردووە، کە دڵنیام دوای مردنی هەموومان نە ئەوان (شاژن و لیدیا)، نە هیچ ژنێک و مرۆڤێکیش ئەو بەهەشتە خەیاڵییە نابینن!

فەرموون، بەگوێرەی ئەو ئایەتانەی خوارەوە، کە لە قورئانی محەمەد وەرگیراون، مرۆڤەکان موسەیەرن و موخەیەر نین، مادام موسەیەریش بن، کەواتە هەرچیەک بکەن هیچ تاوانێکیان ناکەوێتە ئەستۆ، خۆیشم وەکو کەسێک لەوانەی کە موسەیەرم و هەموو شتەکان بەزۆر بەسەرمدا سەپێنراوە، هیچ گوناهێکم نییە، سەرەڕای ئەوەی باجی گران و قورسی خۆمم لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی و ئایینیم داوە:

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٩٦)ی سورەتی (یونس)، مرۆڤەکان نەک هەر موخەیەر نین، بەڵکو لە موسەیەریش خراپترن و بوونەتە گاڵتەجاڕی خوا و ئەو وەکو بەراز ڕەفتار و بەرخودیان لەگەڵ دەکات.

ئەم ئایەتە دەڵێ: (إِنَّ الَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ ٩٦).

واتە: (کەسانێک کە خوادا غەزەبی لێگرتوون، باوەڕ ناهێنن).

دەبێ ئەوە چ خوایەک بێ، کە بەمشێوەیەو هەر لەخۆڕا غەزەب لە خەڵکەکە بگرێ و کەڕو کوێریان بکات لە ئاست دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست و هەر خۆی گومڕایان بکات و سەریان لێ بشێوێنێ، لەکاتێکا خوا بە بەزەیی، دڵفراوان، بەخشندە و لێبووردە ناوی دەرکردووە؟ بەگوێرەی ئەم ئایەتە، ئەوە خوایە، پێشەکی لە قورئاندا باسی ئەوەی کردووە، کە کەسانێک باوەڕ ناهێنن، چونکە خوا غەزەبی لێگرتوون، کە منیش یەکێکم لەم غەزەب لێگرتووانە!

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٢٥)ی سورەتی (الأنعام)، بۆمان دەردەکەوێ کە خوا چرای باوەڕی هەندێک کەسی پف تێکردووە و بەهیچ شێوەیەک تروسکاییەک باوەڕی لێ بەدی ناکرێت و تەنانەت گوێچکەکانیشی کەڕ کردوون بۆ ئەوەی گوێیان لە بانگەوازی بەناو هەقی قورئانەکەی محەمەد نەبێ.
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ وَإِن يَرَوْا كُلَّ آيَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا بِهَا ۚ حَتَّىٰ إِذَا جَاءُوكَ يُجَادِلُونَكَ يَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَٰذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ ٢٥**).
واتە: (ئێمە پەردەمان بەسەر دڵیاندا کێشاوە تاوەکو تروسکایی باوەڕیان لێ هەڵنەیەت و گوێچکەکانی ئەوانمان کەڕ کردووە تا وشەی هەق نەبیستن).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٩٣)ی سورەتی (النحل)، مرۆڤەکان موسەیەرن، واتە وەکو مێگەل لەلایەن خواوە دەهاژورێن، نەک خۆیان ئاراستەی ژیان و باوەڕی خۆیان دیاری بکەن!
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَٰكِن يُضِلُّ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَلَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ٩٣**).
واتە: (خۆ ئەگەر خوا بیویستایە دەیکردن بە یەک نەتەوە، بەڵام هەرکەسێ خوا بیەوێت گومڕای دەکات و هەرکەسێ بیەوێ دەیخاتە سەر ڕاستەڕێ، بێگومان لێتان دەپرسن کە ئێوە چیتان کردووە).
ئەو پرسیارە نالۆژیکە چییە کە دەپرسێ: (ئێوە چیتان کردووە)؟ خوا کە منی موسەیەر کردبێ و مەخەیەری نەکردبم، با هەر خۆیشی وەڵام بداتەوە، کە من چیم کردووە! ئەمە وەکو ئەوەیە، کە تۆ لەنێو ئۆتۆمۆبیلێک لەتەک شوفێرەکە دانیشتبیت و دەست، قاچ و چاوەکانت بەسترابێ و شۆفێرەکە خۆی هەڵدێرێنێ، کەچی تۆ بە تاوانبار دابنرێیت!

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (١١٨)ی سورەتی (هود)، بۆمان دەردەکەوێ کە خوا نەیویستووە هەموو مرۆڤەکان سەر بە یەک نەتەوە بن، باشە ئەگەر خوا لەتوانای دابایە هەموو مرۆڤەکان بکات بە یەک نەتەوە، هەر خۆیشی نەیدەتوانی بە تەبایی بیان گونجێنێ و بێکێشە بژین؟
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ١١٨**).
واتە: (خۆ ئەگەر خوا بیویستایە دەیکردن بە یەک نەتەوە، بەڵام بەردەوام هەر ناتەبا دەبوون).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (١٢٥)ی سورەتی (الأنعام)، دیسان مرۆڤەکان موسەیەرن، واتە خوا مرۆڤەکانی وەکو ڕەشەوڵاغ داوەتە پێش خۆیی و هەچەمان لێ دەکات! خوا کێی بوێ سنگی دەکاتەوەو ڕێگای ڕاستی پیشان دەدات و کێی نەوێ وازی لێدەهێنێ و گومڕای دەکات! کەواتە بۆ گلەیی لە من بکرێ، کە بەگوێرەی ئەو ئایەتە (گومڕا بوویمە)؟ ئێ باشە خۆ ئەوە خوایە سنگی منی نەکردۆتەوە بۆ ئیسلام و ویستوویەتی گومڕابم، کەواتە گلەیی لە خوا بکەن نەک لە خۆم! بۆ هەم دەبێ گلەییم لێبکرێ و هەمیش سەبارەت بە خۆشترین خۆشییەکانی ژیان کە خۆشەویستی، سۆز و دڵخۆشییە، سزا بدرێم و لێیان بێبەش بکرێم.
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**فمن يرد الله أن يهديه يشرح صدره للاسلام، ومن يرد أن يضله يجعل صدره ضيقا حرجا كأنما يصعد في السماء كذلك يجعل الله الرجس على الذين لا يؤمنون ١٢٥**).

واتە: (هەرکەسێ خوا بیەوێت هیدایەتی بدات، ئەوە سینەی ئامادە دەکات بۆ ئیسلام، ئەو کەسەش خوا بیەوێت گومڕای بکات، ئەوە دڵی دەگوشێت و سنگی توند دەکات و هەناسەی سوار دەبێت، هەر وەک ئەوەی بەرەو ئاسمان بەرز بێتەوە، ئا بەو شێوەیە خوا گومڕایی و پیسی هاوەڵگەری لەسەر دڵی ئەوانە دادەنێت کە باوەڕ ناهێنن).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (١٣)ی سورەتی (السجدة)، مرۆڤەکان نەک هەر موخەیەر نین، بەڵکو لە موسەیەریش خراپترن و گاڵتەجاڕی خوان، ئەو بۆ سەیرانی خۆی وەکو مەیمون مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و هەر دەبێ دۆزەخ بە مرۆڤەکان پڕ بکاتەوە.
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**وَلَوْ شِئْنَا لَآتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَاهَا وَلَٰكِنْ حَقَّ الْقَوْلُ مِنِّي لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ ١٣**).
واتە: (بێگومان ئەگەر بمانوویستایە هەموو کەسێکمان هیدایەت دەکرد، بەڵام بڕیاری من ئەوەیە دۆزەخ هەر بە جنۆکە و مرۆڤی تێکڕا پڕ دەکەم).
دەبێ ئەوە چ خوایەک بێ، کە پێشتر بڕیاری خۆی دابێ سەبارەت بەوەی کە هەر دەبێ دۆزەخ بە مرۆڤەکان پڕ بکاتەوە؟ کەواتە خوا بەگوێرەی کردەوەی مرۆڤەکانیش پاداشتی مرۆڤەکان ناداتەوەو هەر بە ئارەزووی خۆی و بۆ خۆشی خۆی ڕەوانەی دۆزەخیان دەکات!

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٢٧)ی سورەتی (الرعد)، تەواوی مرۆڤەکان موسەیەرن و هیچ شتێکی بێ بایەخیش تەنانەت ئەگەر بەقەد دەرزییەکیش بێ بە ئارەزووی خۆیان نییە! هەمووی خوایە بڕیار لەسەر چاکەو خراپەی مرۆڤەکان دەدات، هەرکەسێکی بوێ بەرەو چاکەی دەبات و هەرکەسێکی نەوێ سەری لێدەشێوێنێ و وای لێدەکات خراپە بکات! کەواتە چاکە و خراپە بەدەست مرۆڤەکان نییە و خوا بەهۆی مرۆڤەکانەوە ئەنجامیان دەدات! خۆ ئەگەر ئەو بەئارەزووی خۆی منی گومڕا کردبێ، دەبێ چ دەسەڵاتێکی خوام هەبێ و بۆ لەسەر گومڕابوونم کە گوایە خوا گومڕای کردووم، لەسەر زەوی بەدەستی ئەو کەسانەی کە زۆر خۆشم ویستوون و بە بەشێک لە خۆمم زانیون سزا بدرێم و لە ڕۆژی زیندووبەنەوەش دوای مردنم ئەمجارەیان بەدەستی خواکەیان سزا بدرێمەوەو فڕێ بدرێمە نێو گەرمترین و درێژترین ئاگری دۆزەخ؟ بۆ دەبێ بۆ یەک هەڵە یان تاوان دووجار سزا بدرێم، سزای یەکەمم مەدەن و با دوای مردنم سزا بدرێم، کە بەدڵنیایی بەرگەی ئەو سزایە دەگرم، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بەرگەی سزای (شاژن) ناگرم، کە ئاگرێکی سەختترە لە ئاگری دۆزەخ و بەتەواوی سووتاندوومی؟
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ ۗ قُلْ إِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ ٢٧**).
واتە: (ئەوانەی بێباوەڕن، دەبێژن، بۆچی بەڵگەیەکی لە خواوە بۆ نەهاتووە، بڵێ خوا هەرکەسێکی خۆی ئارەزوو بکا گومڕای دەکاو هەرکەسێکیش بەرەو ئەو بگەڕێتەوە ڕاستەڕێی دەکا).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٣٩)ی سورەتی (الرعد)، خوا بەئارەزووی خۆی هەندێک شتی کەسانێک لە (لەوحی مەحفوز) دەسڕێتەوە، یان بۆی دەنووسێ و زیادی دەکات! باشە ئەی کوا دادپەروەری، بەزەیی، بەویژدانی، دانایی و ژیری خوا، کە ئەو بە ئارەزووی خۆی شت بسڕێتەوەو شتی دیکەی لە جێگە بنووسێ؟
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**يَمْحُو اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ ۖ وَعِندَهُ أُمُّ الْكِتَابِ ٣٩**).
واتە: (خوا بە ویستی خۆی شت دەکوژێنێتەوە و لە جێی دادەنێ و دایکی هەموو کتێبانیش لای ئەوە).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٧٩)ی سورەتی (النساء)، مرۆڤەکان نەک تەنیا موسەیەرن، بەڵکو هەر چاکەیەک بکەن ئەوە خۆیان نین کە چاکەکان دەکەن، بەڵکو ئەوە خوایە چاکەکان دەکات، بەڵام مرۆڤەکان هەر خراپەیەک بکەن ئەوە خۆیانن ئەنجامی دەدەن و خواش لە چاکەکردن گەرەنتی داوەتە خۆی کە چاکەکانی مرۆڤ هی ئەون و گەرەنتیشی بۆ خراپەکردن داوەتە مرۆڤەکان کە خۆیانن هەر خراپەیەک بکەن! ئەوە ڕێک وەکو ئەو عەرەبەیە کە لەگەڵ کوردێک دەچنە

ڕاو و ئاسکێک و کەروێشکێک دەگرن و لەکاتی دابەشکردندا عارەبەکە بە کوردەکە دەڵێ: (چ دەڵێی ئاسکەکە بۆ من و کەروێشکەکە بۆ تۆ، یان کەوێشکەکە بۆ تۆ و ئاسکەکە بۆ من)؟
ئەم ئایەتە دەڵێ: (مَّا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللَّهِ ۖ وَمَا أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ ۚ وَأَرْسَلْنَاكَ لِلنَّاسِ رَسُولًا ۚ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ شَهِيدًا ٧٩).

واتە: (تووشی هەرچی چاکەیەک ببی لە خواوەیە، تووشی هەرچی خراپەیەکیش ببی لە خۆتەوەیە، تۆمان ناردووە بۆ سەر خەڵکی بە پێغەمبەرایەتی، ئەوەندەش بەسە کە خوا ئاگادارتە).

بەگوێرەی ئایەتەکانی ژمارە (٦-٧)ی سورەتی (البقرة)، خوا بە محەمەدی بەناو پێغەمبەری خۆی دەڵێ: (ئەوانەی بێباوەڕن ئاگاداریان بکەیتەوە یان نا هەر وەکو یەکە و باوەڕ ناهێنن)، ئێ ئەگەر ئەو پێشتر مۆری خۆی بەسەر دڵ و گوێچکەیاندا نابێ و پەردەی بەسەر چاوەکانیاندا هێنابێ، چۆن باوەڕ دەهێنن؟ ئەی کەواتە محەمەدی بۆچی ناردووە کە نەتوانێ باوەڕ بە بەشێک لە مرۆڤەکان بهێنێ؟
لێرەدا ئایەتی ژمارە (٦)، ڕێک پێچەوانەی ئەم ئایەتانەی سەرەوەیە کە لە هەموویاندا باسی ئەوە دەکرێ کە خوا خۆی بڕیاردەرە و شتەکانی بەزۆر بەسەردا سەپاندوون و بەئارەزووی خۆی کەسانێکی گومڕا کردووەو کەسانێکی تریش ڕێگای ڕاستی پیشان داون، کەچی لەم ئایەتەدا خوا باسی ئەوە دەکات کە هەوڵدان لەگەڵ بێباوەڕان کارێکی بێسوودە و ئەوان هەرگیز باوەڕ ناهێنن! بەڕاستی لەم کارەی خوا دانا، بەتوانا، زانا، بەدەسەڵات، دادپەروەر، بەزەیی و بەسۆزە تێناگەم؟ ئەی خوا بەگوێرەی ئەم هەموو ئایەتە ناڵێت: (ئەگەر بمویستایە واو وام دەکرد)، ئەی بۆ نایەوێت کارێکی وابکات کە نە مرۆڤەکان تووشی ئەم هەموو هەڵە، سەر لێشێوان و تاوانە بکات و نە خۆیشی تووشی دەردەسەری لێکۆڵینەوەو سزادان بکات لەگەڵ مرۆڤەکان؟
ئەم دوو ئایەتە دەڵێن: (إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ٦، خَتَمَ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ ۖ وَعَلَىٰ أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ٧).
واتە: (بەڕاستی ئەوانەی کە بێباوەڕ بوون ئاگاداریان بکەیت یان نەکەیت وەکو یەکە بۆیان، باوەڕ ناهێنن. خوا مۆری ناوە بەسەر دڵ و گوێیانداو پەردەی بەسەر چاویاندا هێناوە، هەر بۆیە سزایەکی سەخت چاوەڕێیانە).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٢٢)ی سورەتی (الحديد)، مرۆڤەکان نەک بەتەنیا موسەیەرن بەڵکو هەر تاوانێک بەدەستی مرۆڤەکان ئەنجام دەدرێ، هیچ تاوانێکی ئەوانی تێدا نییە، چونکە خودا پێشتر لای خۆی لە لەوحی مەحفوز هەمووی دیاری کردووە کە چی دەکەن و چی ناکەن! بەگوێرەی ئەم ئایەتە، خودا دەرهێنەرێکی بێویژدان و مرۆڤەکانیش ئەکتەرن و بەگوێرەی ئەو دەقەی کە خوا بۆی دیاری کردوون نمایشی خۆیان لەسەر شانۆ (زەوی) پیشان دەدەن!
ئەم ئایەتە دەڵێ: (مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَا ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ ٢٢).
واتە: (هەر بەڵایەک ڕوودەدا لە زەویدا یان بەسر خۆتان دێ، کە لە لەوحی مەحفوز تۆمارمان نەکردبێت پێش ئەوەی ڕووداوەکە بەسەرتان دا بێت، ئەو کارەش بۆ خوا زۆر ئاسانە).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٣٩)ی سورەتی (الأنعام)، مرۆڤەکان موسەیەرن و هیچ دەسەڵاتێکیان بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردەو چارەنووسی خۆیاندا نییە، چونکە تەنیا خوایە هەرکەسێکی بوێ ڕاستەڕێی دەکات و دواتر ڕەوانەی بەهەشتەکەی محەمەد و خۆی دەکات، هەرکەسێکیشی نەوێ گومڕای دەکات و فڕێی دەداتە نێو ئاگرە هەمیشەییەکەی دۆزەخ!
ئەم ئایەتە دەڵێ: (وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِي الظُّلُمَاتِ ۗ مَن يَشَإِ اللَّهُ يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ٣٩).

واتە: (ئەوانەی کە ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆزانی، کەڕو لاڵن و لەناو تاریکیدان، بێگومان ئەوەی خوا بیەوێت گومڕای دەکات و ئەوەش کە بیەوێت دەیخاتە سەر ڕێبازی ڕاست و ڕەوان).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٥٦)ی سورەتی (القصص)، مرۆڤەکان موسەیەرن و هیچ دەسەڵاتێکیان بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردەو چارەنووسی خۆیاندا نییە، نەک ئەوان محەمەد-یش ناتوانێ ڕێگای ڕاست پیشانی هیچ کەسێک بدات کە خۆشی دەوێ، بەڵکو هەموو دەسەڵاتێک بەدەست خودا خۆیەتی! کەواتە ناردنی محەمەد وەکو پەیامبەرێکی خوا بێسوودە و ناردن و نەناردنی وەکو یەکە!
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ ٥٦**).
واتە: (تۆ ناتوانیت ئیمان و باوەڕ ببەخشیت بەو کەسەی خۆشتدەوێت، بەڵکو خوا هەرکەسێکی بوێت دەیخاتە سەر ڕێگەی ڕاست و ئیمانی پێدەبەخشێت، خوایش ئاگادارە بەوانەی کە ڕێبازی ).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٢٧٢)ی سورەتی (البقرة)، هەم دیسان مرۆڤەکان موسەیەرن و هیچ دەسەڵاتێک لەدەست خۆیاندا نییە بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردەو چارەنووسیاندا! خودا لێرەدا دووبارە محەمەد ئاگادار دەکاتەوە کە سەبارەت بە ڕاستەڕێ کردنی مرۆڤەکان هەموو دەسەڵاتێک لای خۆیەتی و محەمەد بۆی نییە دەست تێکەڵ بکات لە کارەکانی ئەودا.
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ ۗ وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَلِأَنفُسِكُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ابْتِغَاءَ وَجْهِ اللَّهِ ۚ وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ٢٧٢**).
واتە: (هیدایەتکردنی ئەو خەڵکە لەسەر تۆ نییە، بەڵام خوا هیدایەتی ئەو کەسە دەدات کە دەیەوێ، هەر خێرێکیش بکەن، ئەوە قازانجەکەی بۆ خۆتانە، ئێوە هیچ شتێک نابەخشن مەگەر بۆ ڕەزامەندی خوا نەبێت و هەر خێرێکیش بکەن پاداشتەکەیتان دەست دەکەوێتەوە، ئەوسا ئێوە هەرگیز ستەمتان لێناکرێت).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٩٩-١٠٠)ی سورەتی (یونس)، مرۆڤەکان موسەیەرن و هەموو کارێک بەدەستی خوا خۆیەتی و تەنانەت محەمەد ناتوانێ باوەڕ بەهیچ کەسێک بهێنێ، ئەگەر خوا خۆی ڕەزامەندی لەسەر نەبێ! ئەی باشە محەمەدی بۆ نارد، ئەوە ئەگەر ئەو ناردبێتی؟
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَن فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ ٩٩، وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تُؤْمِنَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ ۚ وَيَجْعَلُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ١٠٠).**
واتە: (ئەگەر خودای تۆ بیویستایە، هەموو دانیشتوانی سەر زەوی باوەڕیان دەهێنا، ئایە تۆ دەتەوێ زۆر لە خەڵکی بکەی بۆ ئەوەی بڕواداربن؟ هیچ کەسێک بەبێ ڕەزامەندی خوا بڕوا ناهێنێت، خوا پیسی بۆ ئەو کەسانە بڕیارداوە کە ژیر نابن).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٨)ی سورەتی (فاطر)، مرۆڤەکان موسەیەرن و دیسان خودا ئاگاداری محەمەد دەکاتەوە کە ئەو دەست نەخاتە نێو کاروباری ئەوەوە، چونکە ئەو هەر خۆیەتی خاوەنی دەسەڵات و بڕیارەکان!
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**أَفَمَن زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ فَرَآهُ حَسَنًا فَإِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ ۖ فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ٨**).
واتە: (ئایە ئەو کەسەی کە کردەوە ناشرینەکانی بۆ ڕازێنراوەتەوە و بە چاک دەیبینێت؟ بەڕاستی خوا بیەوێت هەرکەسێ گومڕا بکات دەیکات، هەرکەسێکیش هیدایەت بدات دەیدات، نەکا تۆ بە خەمی ئەوانەوە تیادا بچی، خوا دەزانێ ئەوان چ کارێک دەکەن).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٢٣)ی سورەتی (الزمر)، مرۆڤەکان موسەیەرن و تەنیا خودایە هەندێک لە مرۆڤەکان هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی ڕاستەڕێیان پیشان بدات و دواتر بۆ بەهەشت، ئەوانەی دیکەش گومڕا دەکات و دواتریش ڕەوانەی دۆزەخیان دەکات! خۆم کەسێکم لەوانەی کە ئەو گومڕای کردووم و دواتریش بۆ ئاگری دۆزەخ. کەواتە ئەوە بڕیاری خوداکەتانە بۆ دەبێ گلەیی لە من بکرێ لەسەر ئەوەی کە بێباوەڕم؟ ئەی کە خوا پێشەکی سزای بێباوەڕی بۆ دیاری کردووم کە سووتانە لە ئاگری دۆزەخ، باشە (شاژن) بۆ تۆش بۆ جاری دووەم بە ئاگری خۆشەویستی خۆت بەشێوەیەکی بێویژدان و بێبەزەییانە دەمسووتێنی، کە سووتانم بە ئاگری ئەوینت لە سووتانم بە ئاگری دۆزەخی خوا بە سەختتر، قورستر، بەئازار و بەژانتر دەزانم، لەکاتێکا کە هەموو ئاواتێکم ئەوپەڕی شادی، دڵخۆشی، خۆشگوزاران کردن و حەسانەوەی تۆیە.
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ ٢٣**).
واتە: (خوا باشترین فەرمایشتی ناردۆتە خوارەوە، پەرتووکێ کە بابەتەکانی لەیەک دەچن، هەندێک باسیشی بەشێوازی جیاواز تیادا دووبارە بۆتەوە، کە تەزوو دەهێنێت بە گیان و پێستی ئەوکەسانەدا کە ترسی خوایان لە دڵ دایە، پاشان پێست و دڵیان بۆ یادی خوا نەرم دەبێت، ئا ئەوە هیدایەتی خوایە، کە هەرکێی پێخۆشبێ، بەرەو هیدایەتی دەبا، هەر کەسیش کە خوا گومڕای بکا، کەسی دیکە هیدایەتی ناکات).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٨٨)ی سورەتی (الأنعام)، مرۆڤەکان موسەیەرن و هیچ شتێک لەدەستی خۆیاندا نییە و هەر خوایە مرۆڤەکانی کردۆتە دوو بەرەی دژ بەیەک و بەشێکیان کە خۆی ویستی لەسەرە ڕاستەڕێی کردوون و بەهەشتیان پێ دەبەخشێ و بەشەکەی تریش گومڕای کردوون و لە ئاگری دۆزەخ دەیانسووتێنێ! ئێ من چارم چییە و چی بکەم، کە خوداکەتان مەیلی لەسەر نەبێ و بەبێ ئارەزووی خۆم منی خستبێتە بەشی دووەم و سەری لێ شێواندبم و دواتریش بۆ تەپانی بنی دۆزەخ و ئاگرە لەش پڕوکێنەکە فڕێم بدات؟
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**ذَٰلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ ۚ وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ٨٨**).
واتە: (ئەو هیدایەت کردنە لەلای خوایە، کە هیدایەتی هەرکەسێ لە بەندەکانی خۆی پێ دەدات کە مەیلی لێ بێ، خۆ ئەگەر هاوبەش بۆ خوا پەیدا بکەن، کردەوەکانیان هەمووی بەفیڕۆ دەچێ).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (١٧٨)ی سورەتی (الأعراف)، مرۆڤەکان موسەیەرن و تەنیا خوایە هەموو شتێکی بە بڕیارێکی تاکڕەوانەی خۆی داوەو دەبێ ئەو دۆزەخەی کە خۆی دروستی کردووە پڕی بکاتەوە بە مرۆڤەکان و لەوێ مرۆڤی سووتاو، سورەوەکراو، لە شیش دراو و برژاو ببینرێ! دیارە خودا خۆی زۆر ماندوو بووە بە دروستکردنی دۆزەخ، خۆ ناکرێ دوای ئەم هەموو ماندووبوونەش بەکاری نەهێنێ و کەسی فڕێ نەداتە ناو؟
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**مَن يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِي ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ ١٧٨**).
واتە: (ئەوەی خوا هیدایەتی بدات ئەوە ڕێگەی ڕاست دەگرێتە بەر، هەر کەسێکیش گومڕا بکات، ئەوە هەر ئەوانن کە زیان پێگەییشتوون).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٤)ی سورەتی (إبراهيم)، سەرجەم مرۆڤەکان موسەیەرن، لە هەمان کاتیشدا خودا بەگوێرەی قورئان باسی ئەوە دەکات کە بۆ هەر نەتەوەیەک پێغەمبەرێکی بە زمانی خۆیان ناردووە! بەڵام بەگوێرەی ئەو ئایەتە و سورەتە بێت، محەمەد کە عەرەبە و بۆ ئەوە نێردراوە تا ئایینی ئیسلام بڵاوبکاتەوە لەنێو عەرەبدا، کەواتە ئیسلام و محەمەد هیچ پەیوەندییەکیان بە کوردەوە نییە!
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ ۖ فَيُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ٤**).

واتە: (هیچ پێغەمبەرێکمان نەنارد مەگەر بە زمانی گەلەکەی خۆی، تا هەموو شتێکیان بۆ ڕوون بکاتەوە، خوا هەرکەسێکی ویستبێ گومڕای دەکا و کێشی بوێ هیدایەت (ڕاستەڕێی) دەکاو هەر خۆی خاوەن دەسەڵات و دانایە).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٩)ی سورەتی (النحل)، سەرەتا مرۆڤەکان موسەیەرن و موخەیەر نین، دواتریش خوا بە هیچ شێوەیەک نەیویستووە هیدایەتی مرۆڤەکان بدات، یان ڕێگەی ڕاستیان پیشان بدات، بەڵکو هەر بۆ خۆشی خۆی وای کردووە کەسانێکی زۆر گومڕاو سەر لێ شێواو بن و دواتریش ئاگری دۆزەخ بە جەستەی ئەو کەسانە گەشترو گەرمتر بکات.
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**وَعَلَى اللَّهِ قَصْدُ السَّبِيلِ وَمِنْهَا جَائِرٌ ۚ وَلَوْ شَاءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ ٩**).
واتە: (خوا هەر ئەوەندەی لە سەرە ڕێگەی ڕاستتان نیشان بدات. ڕێگای چەوتیش هەیە، ئەگەر خوا بیویستبا، هەر هەمووتانی هیدایەت دەدا بەگشتیی).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٤٦)ی سورەتی (النور)، مرۆڤەکان موسەیەرن و هەرگیز موخەیەر نین، خوا چۆنی بوێت ئاوا بەشێوەی کەر و ڕەشەوڵاغ لێمان دەخوڕێ! ئەوە جارێک و دووان و دەیان نییە، کە لە قورئاندا نووسراوە، کە خوا ویستی لەسەر هەرکەسێ بێ هیدایەتی دەدات و ڕاستەڕێی دەکات و ویستی لەسەر هەرکەسێکیش نەبێ گومڕاو سەر لێ شێواوی دەکات و فیلمی دەسووتێنێ! کەواتە بۆ گلەیی لە مرۆڤەکان دەکەن کە باوەڕ بە خودا ناهێنن، بۆ گلەیی لە خودا ناکەن کە بۆ بەمشێوەیە سەری لە مرۆڤی وەکو من تێکداوەو ڕێگەی لێ گۆڕیوە؟
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**لَّقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ مُّبَيِّنَاتٍ ۚ وَاللَّهُ يَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ٤٦**).
واتە: (چەندان بەڵگەی ڕوونمان دابەزاند، خوا ئەو کەسە ڕاستەڕێ دەکات کە ویستی لە سەرە بۆ ڕێبازی ڕاست).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٢٨٤)ی سورەتی (البقرة)، بۆمان دەردەکەوێ کە مرۆڤەکان نەک تەنیا موسەیەرن بەڵکو هەر هیچ دەسەڵاتێکیان نییە و هەموو شتێک لەلایەن خواوە بەسەریاندا سەپێندراوەو ئەوان تەنیا بڕیارەکانی خوا جێبەجێ دەکەن، ئەوەی خوا فەرمانی پێدابێ چاکە بکات، چاکە دەکات و ئەوەش کە فەرمانی پێدابێ خراپە بکات، یان باوەڕی بە قورئان و خوا نەبێ ئەوە بەگوێرەی فەرمانەکەی خوا ڕەفتاری کردووە! مادام خۆیشم دەبێ یەکێک بم لەوانەی کە بە فەرمانی خوا باوەڕم بە خۆیی و ئیسلام نەهێناوە، کەواتە دەبوایە (شاژن) و کەسانی دیکەش گلەییان لە خوا بکردایە، کە بۆ منی بەمشێوەیە دروست و سەرگەردان کردووە!
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**لِّلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَإِن تُبْدُوا مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ اللَّهُ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ ۗ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ٢٨٤**).
واتە: (هەرچی لە ئاسمان و لە زەویدا هەیە خوا خاوەنیانە، ئەگەر ئەوەی لە دڵ و دەروونتاندا جێگیر بووە، دەری بخەن، یان بیشارنەوە خوا دەربارەی لێتان دەپرسێتەوە، ئەوسا لە هەرکەس بیەوێت خۆش دەبێت و هەرکەس بیەوێت سزای دەدات و خوایش دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (١١)ی سورەتی (التغابن)، دەردەکەوێ مرۆڤەکان موسەیەرن و هەر شتێک کە تووشیان دێ لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیانە و ئەوە خوایە کە تووشی ئەو هەموو بەڵا، گرفت و کێشانەیان دەکات! هەر بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم، ئەو بەڵایانەی کە بەسەر هەرکەسێک یان مرۆڤەکان دادێت، ئەوە بە فەرمانی خوایە و کەس تێیدا بەرپرس نییە جگە لە خوا خۆی! ئەوەی کەسێک دەکوژێ، ئەوەی دەستدرێژی دەکاتە سەر کیژۆڵەیەکی شەش حەوت ساڵان و دەیکوژێ، ئەوەی دزی دەکات، ئەوەی چەند کەسێک یان بنەماڵەیەک بەشەڕ دەهێنێ، ئەوەی قوتی خەڵک داگیر دەکات، دەبێ هەموویان بێتاوان بن مادام خوا پێیکردوون! باشە ئەی بۆ هەرکاتێ کەسانێک بەگوێرەی ئەو تاوانانەی کە لە سەرەوەدا باسم کردوون، دەگیرێن، دەڵێن (شەیتان پێی کردووم)، باشە بۆ ناڵێن (خوا پێی کردووم)،

مادام هەموو بەڵایەک بە فەرمانی خوا بەسەر مرۆڤەکان دادێ؟ هیوادارم هیچ کەسێک پاساوی ئەوە نەهێنێتەوە کە هەر بەڵایەک هۆکارێکی هەیە و مرۆڤەکان خۆیان هۆکارن، چونکە بەدڵنیایی و بەگوێرەی ئەم ئایەتەو چەندان ئایەتی دیکەش خوا بەڵاکانی ناردووە بۆ مرۆڤەکان و هەر خۆیشی هۆکارەکانیان بۆ دروست دەکات.

ئەم ئایەتە دەڵێ: (**مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ ۗ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ ۚ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ١١**).

واتە: (کەس هیچ بەڵایەکی بەسەر نایە، مەگەر خوا فەرمان بدا، ئەوەی باوەڕی بە خوا هەبێ، خوا دڵی ڕاستەڕێی دەکات و خواش بە هەموو شتێک دەزانێ).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٥١)ی سورەتی (التوبة)، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە گشت بەڵایەک لەلایەن خواوە بۆ مرۆڤەکان دەنێردرێت و مرۆڤ توانای ئەوەی نییە بەڵاکان لەخۆی دووربخاتەوە. خوا بە مرۆڤەکان دەڵێ: (سەرەڕای ئەوەی کە هەموو بەڵایەک خۆم بۆتانی دەنێرم و هۆکارەکەشی هەر خۆمم، کەچی دەبێ سوپاس گوزاریش بن، کە ئەو هەموو بەڵایەتان بەسەر دێنم!

ئەم ئایەتە دەڵێ: (**قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَانَا ۚ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ٥١**).

واتە: (بڵێ: ئەوەی خوا بۆی نەنووسیوین توشمان نایەت، هەر ئەو سەروەرمانە و پێویستە بڕواداران هەر پشت بە خوا ببەستن).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٣٨)ی سورەتی (المدثر)، مرۆڤەکان موخەیەر نەبووینە و موسەیەرن، بۆیە هیچ شتێک بەخواستی خۆیان ناکەن و بەپێچەوانەوە پێیان دەکرێت، پێکردنەکەش لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی خۆیانە، چونکە خوایە شتە خراپەکان و تاوانەکانیان پێدەکات!

خوا، باسی دەستکەوت دەکات، دەستکەوتی چی؟ ئەو کە تووشی سەدان بەڵاو کێشەم بکات، خۆی بڕیار لەسەر ژیان و چارەنووسم بدات، دەستکەوت کەی لەدەستی خۆم دایە؟ تۆ خۆت کێت بوێ گومڕای بکەیت و کێی دیکەشت بوێ ڕاستەڕێی بکەی، کە من لە گومڕاکان بم، بۆ دەبێ سزام بدەی؟ ئەی خۆت گومڕات نەکردووم بەبێ ئارەزووی خۆم؟

ئەم ئایەتە دەڵێ: (**كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ ٣٨**).

واتە: (دەستکەوتی هەموو شتێک لە دەستی خۆت دایە).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٣)ی سورەتی (المائدة)، کە یەکێکە لەدوا ئایەتەکانی سورەتی مائیدە و قورئان و لێرەدا گوایە قورئان تەواو بووە! باشە ئەگەر ئەمە دوا ئایەتی نێردراوی خوا بێ کە لەم سورەتەدا هاتووە، بۆ دەبێ پشت بە فەرمووده (أحاديث)ی محەمەدی بەناو پێغەمبەری خودا ببەسترێ بۆ تەواوکردنی شەریعەی خودا؟ ئەی ئەوە نیە خودا لەم ئایەدا باسی ئەوە دەکات، کە ئایینی ئیسلامی بەتەواوی تەواو کردووەو کۆتایی بە ناردنە خوارەوەی ئایەت و سورەتەکانی قورئان هێناوە؟ ئاخر پشتبەستن بە فەرموودەکانی محەمەد و کارکردن پێیان، مانای ئەوە دەگەیەنێ کە قورئان ناتەواوە، ئەگینا بۆ پەنا بۆ وتەکانی محەمەد دەبردرێ؟

ئەم ئایەتە دەڵێ: (**الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا ٣**).

واتە: (ئەمڕۆ ئایین و بەرنامەکەتانم بەکۆتایی گەیاندو نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواوکردن و قایلم بەوەی کە ئیسلام ببێتە ئایینتان).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٢٤)ی سورەتی (النساء)، ڕێگە بە هاوسەرگیری سیغە (المتعة) دراوە و لە سەردەمی محەمەدی بەناو پێغەمبەر و ئەبوبەکری سدیق پیادە کراوەو ڕێگەی پێدراوە، بەڵام دواتر عومەری کوڕی خەتاب بە بڕیاری تاکڕەوانەی خۆی قەدەغەی کردووە! باشە بۆ تا محەمەد لە ژیاندا مابوو قەدەغەی نەدەکرد؟ باشە بۆ بەشێکی موسڵمانەکان کە شیعەن تا ئێستاکەش باوەڕیان بەم هاوسەرگیرێتییە هەیە؟ باشە بۆ حزبە ئیسلامییە تیرۆریستە

سوننەکانی وەکو (القاعدة، داعش، جند الإسلام، بۆکۆ حرام، جماعة النقشبندیین و چەندانی دیکە) تا ئێستاکە باوەڕیان بە هاوسەرگیری موتعە (زواج المتعة) هەیە و ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ جیهادی نیکاح؟ باشە بۆ ئەم ئایەتە لە قورئان لانەدراوە و وەکو خۆی ماوەتەوە؟ هەر سورەت و ئایەتێک لە قورئاندا مابێتەوە، بەدڵنیایی و بەگوێرەی بەرژەوەندییە هەنوکەییەکان کاری پێدەکرێ! لە ئێستادا بەشێک باوەڕی پێی هەیە و پیادەی دەکات، هەرکاتێکیش دەسەڵات بگرنە دەست ئەوکاتە تەواوی موسڵمانەکان کاری پێدەکەن! بەگوێرەی ئایەتی (٢٤)ی سورەتی (النساء)، هاوسەرگیری چێژوەرگرتن (زواج المتعة)، بۆ ماوەی ڕۆژێک، هەفتەیەک، مانگێک یان چەند ساڵێک ڕێگە پێدراوەو تەنانەت پیاو بۆی هەیە و دەتوانێ ئەو کرێیەی کە لەگەڵ ژنە سیغەکراوەکە لەسەری ڕێک کەوتوون، دواتر لێی پەشیمان بێتەوەو کەمتری بداتێ، چونکە ئەوە هەر خوا خۆیەتی لەم قورئانەی گوایە بۆ محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای ناردووە، دەڵێ: (هیچ گوناهیش نییە لەسەرتان لە کەمکردنەوەی ئەو کرێیەی بۆ هاوسەرگیری چێژوەرگرتن (زواج متعة) لە ژنان، لەگەڵ هەر ژنێک لەسەری ڕێککەوتبوون لەدوای دیاریکردنی)!

لەگەڵ (شاژن)دا زۆر گفتوگۆمان لەسەر ئەم ئایەتە دەکرد، کە ئەو هەردەم دژی بوو، ڕێگەی ئەوەشی نەدەدا بۆچوونی خۆمی بۆ ڕوون بکەمەوە. خۆم کە باوەڕم بە قورئان و هیچ ئایینێکی دیکە نییە، ئەگەر باوەڕم بە قورئان هەبوایە، باوەڕی تەواوم بە سەرجەم ئایەت و سورەتەکان دەبوو و دەبوومە داعش، چونکە داعش بە ئیسلامی تەواو دەزانم، کە ڕێک سەرجەم ئایەت و سورەتەکانی قورئان بەبێ هاوێرکردن و جیاکردنەوە پیادە دەکەن!

ئەم ئایەتە دەڵێ: (وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ۖ كِتَابَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ ۚ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَاءَ ذَٰلِكُمْ أَن تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ ۚ فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً ۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُم بِهِ مِن بَعْدِ الْفَرِيضَةِ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ٢٤).

واتە: (حەرامە لێتان ئەو ژنانەی کە مێردیان هەیە جگە لە کەنیزەکتان، کە خوا بڕیاری داوە لە سەرتان، جگە لەوانەی کە باسکران، حەڵاڵە بۆتان بەهۆی ماڵ و دارایتانەوە هاوسەر بگرن تا پاکداوێن بن و لە سنووری ڕەوشتی بەرز دەرنەچن، جا لەگەڵ هەر ژنێکدا چێژتان لێ بینین (فما إستمتعتم به) ئەوە فەرزە کە کرێکەیان بدەنێ و هیچ گوناهیش نییە لەسەرتان لە کەمکردنەوەی ئەو کرێیەی لەسەری ڕێککەوتبوون لەدوای دیاریکردنی، بەڕاستی خوا هەمیشە زاناو دانایە).

دەرســـــیم
یەکشەممە (١٦/١٠/٢٠١٦)
دانمـــــارک